# بنیادی زمان لە شانۆگەرییەکانی ( هارون ئەلڕەشید، کێ تاوانبارە، کوورەی ئاسنگەر، کۆتەڵەکەی ئەحمەد موختار جاف ) دا

د.عەتا رەشید حسەین د.شنۆ محەمەد مەحمود

زانکۆی سلێمانی

فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان

سکوڵی زمان

بەشی کوردی

## پێشەکی:

شانۆ ئەو دەریا بەرفراوانو بێ سنورەیە، کە لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانییەوە، تا ئەمرۆ لەگەڵ هەموو گۆڕانکاریو بەرەو پێش چوونەکانی کۆمەڵگادا هەنگاوی ناوەو پەرەی سەندووەو گرنگی پێدراوە. هەر ئەو گرنگی پێدانو بایەخدانەشە وایکردووە، کە پانتاییەکی باش لە ئەدەبیاتی گەلاندا داگیربکاتو میللەتانی جیهان بە هەند وەری بگرن، هەر میللەتێکیش بەپێی بارودۆخی بەرەو پێشچوونو گەشەسەندنی ژیانی شارستانیو رۆشنبیریو فیکری خۆی بایەخی پێ بداتو کاری لەسەربکات. بێگومان، هۆی هەموو ئەمانەشو ڕەنگدانەوەی شانۆ لە ژیانی کۆمەڵگادا، زمان تیایدا ڕۆڵی سەرەکیو بنیاتنەری تێدا بینیوە، وەك کەرەسەیەکی زیندووی نێو بنیادی دەقی شانۆیی تەماشای کراوە، کە زیاتر لەنێو کۆمەڵگادا بچەسپێتو کاریگەری ڕاستەوخۆش ببینێت لەسەر هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە هەموو سەردەمێکداو بەهۆیەوە بەشێکی زۆر لە ڕاستیەکانو نهێنییەکانی ژیان بخاتە ڕوو.

لەوپێناوەشدا وەك خولیاو ئارەزوویەکی هونەرییانە، بە پێویستمان زانی ئاوڕێکی زانستییانە لەو بابەتە بدەینەوە، چونکە زۆر کەم قسە لەسەر ڕۆڵو کاریگەری زمان لە بنیادی دەقی شانۆی کوردیدا کراوە. واتە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی چەند دەقێکی شانۆگەری کوردیو هەڵسەنگاندنیان لەڕووی بنیادی زمانەوە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆژی (وشەسازی)دا، کە تیایدا کەرەسەکانی زمان چۆن بەکارهاتوون و ڕەنگیان داوەتەوە. هەربۆیە بۆ زیاتر بەپێزبوونی لێکۆڵینەوەکە گوڵبژێرێکمان بەنێو جیهانی دەقە شانۆییەکانی کوردیدا کردووەو چەند دەقێکمان لێ هەڵبژاردووەو کردوومانە بە کەرەسەی لێکۆڵینەوەکەمان.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە/

خۆشەویستیو خولیای لەمێژینەمان بۆ شانۆگەری کوردیو بینینی ئەو ڕۆڵە جوانانەی، کە لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی کوردەواریدا بینیویەتی لە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو لە ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەرو دوژمنانی کورددا. جا ئیتر ئەو دەقە شانۆییانە لەسەر تەختەی شانۆ بووبێت، یاخود بەشێوەی زنجیرە لە تەلەفزیۆندا پەخش کرابن، یاخود بەشێوەی دەنگی لە رادیۆدا پێشکەش کرابن. هەروەها کەمی لێکۆڵینەوەی زانستیش لەوبوارەداو خستنەڕووی ڕۆڵو گرنگی ئەو دەقە شانۆییانە لەڕووی زمانەوە، کە هیچی کەمتر نییە لە بابەتەکانی تری وەکو شیعرو چیرۆكو ڕۆمان...هتد.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە/

بەمەبەستی ئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان لە چوارچێوەیەکی زانستیدا ئەنجام بدرێت، پەیڕەوی ڕێبازی (تیۆری – شیکاریی) مان کردووە.

## پلانی لێکۆڵینەوەکە/

بەپێی بابەتی لێکۆڵینەوەکەو لەبەر ڕۆشنایی ناونیشانەکەیدا، پلانەکەیمان بەوشێوەیە دارشتووە، کە بریتی بێت لە دوو بەشی سەرەکی، بێجگە لە پێشەکیو ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە.

لە بەشی یەکەمدا هەوڵمانداوە باس لە ڕۆڵو گرنگیو بنیادی زمان بکەین بەشێوەیەکی تیۆریی لە چوارچێوەی بنیادی دەقی شانۆییدا. لە بەشی دووەمیشدا گوڵبژێریکمان کردووە لە شانۆگەری خۆماڵیو ڕەسەنی کوردیداو بنیادی زمانیمان لەودەقانەدا بەشێوەیەکی ئەکادیمی وەرگرتووەو شەنوکەوێکی وردمان لەبارەیانەوە ئەنجامداوە.

## بەشی یەکەم

## ڕۆڵ و گرنگی زمان

زمان، هۆکارێکە بۆ دەربڕینی هەستو نەستەکانی مرۆڤ. مرۆڤ بەهۆی زمانەوە گوزارشت لەو پەیوەندیو کارلێکانە دەکات، کە لەگەڵ جیهانو ژینگەو دەوروبەردا هەیەتی، چونکە هیچ کۆمەڵگایەك نییە بەبێ بەکارهێنانی زمانو کەرەسەکانی زمان، پێداویستییەکانی ژیان دابین بکاتو لەیەکتری تێ بگات.

هەموو کارو چالاکیەکانی مرۆڤ، هەر لە دەربڕینی بیرو هەستو نەستو خواستەکانیەوە، زمان بەشێوەیەکی بەرچاو تیایدا بەشدارە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە "زمان نەخشێکی بنەڕەتی لە ژیانماندا هەیەو هۆیەکیشە بۆ زانینو فێربوونو پەیوەندیکردن، جگەلەوەی، کە توانای ئەوەشمان پێ دەبەخشێت بۆخۆمان بیربکەینەوە لە کۆمەڵگاکەمانداو هاوکاری خەڵکانی دیکەش بکەین"[1].

هەروەها ئەو زمانەش، کە لە هۆکاری زانینو فێربوونەوە لە گیانلەبەرانی ترمان جیادەکاتەوە "بریتییە لە سیستەمێکی تەواو ڕێکوپێك، بە هاوجووتیو هاوشانیی بەشو دانەکانی یەکێتییەکی پێکهێناوە. هەر لایەنێکی بەشو دانەکانیش پەیوەندییان بە گەلێ لایەنو بەشو دانەی دییەوە هەیە. ئەم سیستەمە ڕێکوپێکەو یەکێتی ناوەکی گونجاوی زمانە."[2] واتە زمان کۆمەڵێك کەرەسەیە، پێکەوە زمانی تەواو دروست دەکەنو لەو کەرەسە زمانیانەش وەکو: (فۆنیم، ئەلۆفون، مۆرفیم، برگە، وشە، ڕستە،...هتد).

جگەلەوەش، یەکێك لە تایبەتیەکانی زمان، کە مرۆڤ لە باقی بوونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە بەردەوام لە گۆڕاندایەو تیایدا وشەو زاراوەی نوێ دێتە ناویەوەو وشەو زاراوەی کۆنیش لەگەڵ قۆناغی نوێو لە وادەی بەسەرچوونیدا لەناودەچێتو بەرەو گۆڕستانی فەرهەنگ بەڕێ دەکەوێت. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو تەنانەت "بێ بوونی زمان شارستانیەتیش بەردەوام نابێت، چونکە زمان تاکە ڕێگایە بۆ پاراستنو گەیاندنی کەلتورو زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر"[3] و وایکردووە سەرجەم کایەو بوارە زانستیو مەعریفییەکانیشی گرتۆتەوەو هەر تەنیا لە گوتنو ئاماژەو جووڵەدا، بوونی خۆی دیاری نەکات، بەڵکو لە پەیوەندییە گۆڕاوەکانی ئیحاو پەیوەندییە

[1] سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، پرۆفیسۆر هـ.د.ویدۆوسن، و.لە ئینگلیزییەوە د.هۆشەنگ فاروق، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨، ل(٥).

[2] سەرەتایەکی زمانناسی، و.لە ڕووسییەوە، میدیا، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل(٧).

[3] زمانەوانی، محمد معروف فتاح، چاپخانەی (دارالحکمة)، هەولێر، ١٩٩٠، ل(٣).

ڕەمزییەکانیشدا بەرجەستە ببێت. لەو ڕووەشەوە (سۆسێر) پێی وایە "زمان قەبارەیەکی ئاڵۆزی هەیە، چونکە بەردەوام ڕەگەزەکانی لە گۆڕاندایە، جا چ پەیوەندییە دیارەکان بن، یان نادیارەکان، بەڵام ئەگەر گۆڕانکاری پەیوەندییە دیارەکان بە خەیاڵی نووسەرەوە بەندبێ، ئەوە گۆڕانکاری پەیوەندییە نادیارەکان بە خەیاڵی زمانەوە بەند دەبێ. کەواتە زمان لە تەفسیرکردنی بەردەوامی خۆی ناوەستێ، هەروەها زمان لەبەرئەوەی لە تەفسیرێکەوە بۆ تەفسیرێکی دیکە هەنگاودەنێ، بۆیە هیچ کاتێك زمان هەڵە ناکات"[1]. هەموو ئەمانەش بەردەوامیو زیندوویێتی بە زمان دەبەخشنو وادەکات، کە بەشێوەیەکی ئاسایی مەعریفە بەناو زماندا گوزەر بکاتو ئەو گوزەرکردنی مەعریفەیەش، پڕبوونی زمان بە ماناو دەلالەتی جیاوازو دوو جۆر بیرکردنەوەی سەرەکییەوە دیاری دەکات، کە بریتین لە (بیرکردنەوەی عەقڵانی) و (بیرکردنەوەی ئەدەبی). لەو ڕووەشەوە "بیرکردنەوەی ئەدەبی لە هەڵچوونی پەیوەندییەکانی ناوەوەی زماندایەو لە چەمکی بەرهەڵستکاریدا خۆی دەنوێنێ. هەربۆیە، گەر بیرکردنەوەی عەقڵانی وەك مادە سەیری زمان بکات، ئەوە بیرکردنەوەی ئەدەبی وەك نموونە سەیری زمان دەکات."[2] ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە بیرکردنەوەی عەقڵانی، زمان وەك وەسیلە دەردەخات، بەڵام بیرکردنەوەی ئەدەبی لە ئازادیدا زمان دەردەخات، ئەگەرچی ئەو ئازادییە وەهمیش بێت.

## زمان لە دەقی شانۆییدا

زمان و بەکارهێنانی زمان لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر، لە کایەیەکەوە بۆ کایەیەکی تر جیاوازەو لە گۆڕاندایە. واتە ئەو زمانو کەرەسە زمانیانەی، کە لە ئاخاوتنو مامەڵەی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت جیاوازە لەو زمانەی، کە لە بنیادی بەرهەمە هونەریو ئەدەبیەکاندا بەکاردەهێنرێت. هەرچەندە چوارچێوە گشتیەکەش یەك شتە، چونکە شاعیرانو نووسەران لە توانایاندا هەیە بەپێی بەکارهێنانی کەرەسەکانی زمان مانایەکی ترو بەرگێکی تر ببەخشن بە گەلێك لەو وشەو زاراوانەی، کە هەن. لەڕاستیشدا ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە زمانی ئەدەبیو هونەری "نەك پەیوەستی یاساکان نابێت، بەڵکو خۆی دەبێتە بنچینەو بنەما، ئەمەشیان گەوهەری بوونەکەیەتی، زمانێکی ڕەهایە، هێندەی ڕەهایی ئەفراندنی خاوەنەکەی، ئەگەر زمانی ئاسایی لە ڕێگای چەند هەستێکەوە هۆشو هەست بدوێنێ، ئەوا دەروویەکی گەلێك فراوانتر لەبەردەم زمانی هونەردا والایە، جگەلەوەی کاریگەرترو فراوانترو دەوڵەمەندترە، بۆیە هەمیشە زمانی هونەریی هونەرمەند لە زمانی ئاسایی خودی خۆی ڕەوانبێژترە، چونکە لەو زمانە هونەرییەدا، کە پەیامی مەبەستی لە دووتوێدایە، بیستەرەکەی دەخرۆشێنێو حەپەسانو تێڕامانو چەندین بزواندنی دەروونی دەخاتە ڕوو."[3]

لەو چوارچێوەیەشدا، گەر تەماشای هەر دەقێکی شانۆیی بکەین لە ڕووی بنیادی زمانو بەکارهێنانی کەرەسەکانی زمانەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بابەتی شانۆ خۆی لە خۆیدا هونەرێکی بەرزەو پێویستی بە زمانێکی ئەدەبیو هونەری هەیە، کە پارێزگاری لە ئاستەکانی زمانو جوانیو ئەفسوونەکانی خۆی بکات. لەو نێوەندەشدا بەکارهێنانی زمان بەپێی جۆرو چۆنیەتی دەقە شانۆییەکەو پێکهاتەی ڕووداو و دەوری ئەکتەرەکان هەمەڕەنگییەکی پێوە دیارە. هۆی بوونی ئەو جۆراوجۆرێتیو هەمەڕەنگییەی بنیادی زمانیش "لەناو یەك درامادا بەهۆی ئەوەوە بێت، کە چەندین

[1] خەیاڵی زمان، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل(١٤ — ١٥).

[2] س.پ، ل(١٩).

[3] هونەرو ژیان، ئەحمەد سالار، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل(٥٤).

کەسی تێدایەو بە چەندین شێواز قسە دەکەنو هەرکەسەش دەنگی تایبەتو شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە لە تێڕوانینو مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەوانی ترو دەوروبەریدا."[1]

هەربۆیە وا گونجاوترو باشترە، گوتەو ئاخاوتنەکانی زمانی دەقێکی شانۆیی (ئەرستۆ) گوتەنی "لە وشەو ڕستەی مانادارو پرواتا پێك بێت. لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ کەسێتییەکانیشدا بگونجێو پەیوەندی بە کەسێتییەکەیەوە هەبێ"[2] واتە بەهۆی بەکارهێنانی ئەو شێوە زمانو ئاخاوتنەوە، کە ئەکتەر بەپێی دەورەکەی بەکاری دەهێنێت، کەسێتیو شوێنو کردارەکانی ئەکتەریش دیاری دەکات. سەرەڕای ئەوەش دەکرێ بووترێ، درامانووسیش، بەشێکە لە دروستکردنی ئەو زمانە هەمەجۆرییەدا، کە لەکاتی نووسینی دەقێکی شانۆییدا "هەوڵدەدات مەودایەك لەنێوان زمانی تایبەتی خۆیو زمانی کەسێتییەکاندا دابنێت، تاوەکو کەسێتییەکانی هەر بە تەنها دەمامکێك نەبن بۆئەوەی ئەو دەیەوێت"[3] ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەوە شتێکی ئاسایی بێتو هەندێك جار لە هەندێ نمایشی شانۆییدا "ئەو زمانەی کاراکتەرەکە بەکاری دەهێنێ، زمانێکی ئەدەبیو کۆمەڵایەتییەو هەڵقوڵاوی ناخی خۆیەتی."[4] واتە دەقەکە، دەقێکی خۆماڵیەو تەنانەت دەورەکەش نزیکە لە بۆچوونو هەستو نەستی خۆیەوە. بێگومان، ئەمەش وادەکات، کە ئەو زمانەی ئەکتەر بەکاری دەهێنێت هاوتا بێت لەگەڵ کەسێتیو تێڕوانینی خۆیدا، بەڵام هەندێك جاریش "دەکرێ زمانی کاراکتەر زمانی نووسەرەکە بێت، چونکە کاراکتەرەکە پردە لەنێوان نووسەرو وەرگردا."[5]

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زۆرێکیش لە ڕەخنەگران پێیان وایە، کە دەبێت زمانی شانۆیی، زمانێکی ڕوونو ئاشکرا بێت. دیارە ئەوەش بەمەبەستی ئەوەیە، کە بینەران ڕازی بکاتو کاریگەرییان لەسەر جێ بهێڵێت، کەواتە لە بازنە گشتییەکەی زمانی دەقێکی شانۆییدا، دەکرێ بڵێین زمانی شانۆیی زمانێکی تەمومژاویو ئاڵۆز نەبێت، کە بینەر تووشی سەرسوڕمانو بێزاربوون بکات، بەڵکو وشەو ڕستەکانی بەشێوەیەك بن، کە نەرمیو ناسکیان پێوە دیار بێت، کە یارمەتیدەربن لە گەشەسەندنی دراماکەدا، بەڵام ئەوەش بەشێوەیەك نەبێت، کە لە قسەی ئاسایی ڕۆژانە، یان گفتوگۆی نێوان دووکەسی ئاسایی بچێت، بەڵکو واباشترە جیاوازییەك هەبێت لەنێوان هەردوو شێوە زمانەکەدا. وە هەندێك جاریش ئەو زمانە وا دەخوازێت، کە وشەی ناباویشی تێدا بێت. واتە وشەی خوازراوو هەر جۆرێکی تری وشە، کە تاڕادەیەك لە حاڵەتی ئاسایی بەدەربێت. ئەوەش بەمەبەستی زیاتر جوانکردنو چێژبەخشینی زیاترە بە بنیادی گشتی، ئەو دەقە شانۆییە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەرزیو جوانی هونەری شانۆ لەپێش هەموو شتێکدا لە بەکارهێنانی زمانەکەیەوەیە. جوانی زمانیش زیاتر لە وەسفدا دەردەکەوێتو زمانی شانۆیی زمانی هەڵسوکەوتو جووڵەیە، نەك زمانی گێڕانەوە.

ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەهۆی سروشتی شانۆو بنیاتی شانۆوە، بەکارهێنانی زمانیش چەند شێوەیەکی جیاوازی هەبێت، چونکە دەوربینینو زمانی ئەکتەرەکان لەگەڵ یەکتردا جیاوازن. کەواتە هونەری شانۆ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت جیهانێك بنیات بنێت، کە "پەیوەندییەکی خوازەیی لەنێوان ئەو جیهانەو جیهانە ڕاستەقینەکەدا دروست

[1] تیشکێك بۆ سەر ڕۆمان، عەبدولڕەحمان مونیف، و.شیرین.ك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل(٢٩).

[2] ریالیزم لە شانۆی کوردیدا، کەیفی ئەحمەد عبدالقادر، چاپخانەی ڕۆشنبیریی، هەولێر، ٢٠١٣، ل(١٩٨).

[3] تیشکێك بۆ سەر ڕۆمان، عەبدولڕەحمان مونیف، و.شیرین.ك، ل(٢٨).

[4] ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، پەروین عەبدوڵڵا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل(٤٦).

[5] س.پ، ل(٤٦).

بکات، هەربۆیە دەبێت سروشتی شانۆو بینەرو شێوازی نواندنیش بەشێوەیەك بێت، کە زمان یارمەتیدەری بێت لە بنیاتنانی ئەو جیهانە خوازەییەدا."[1]

لەو ڕووەشەوە، دەتوانرێت هەڵسەنگاندن بۆ ئەکتەرو کەسێتیو توانای ئەکتەر بکرێتو تواناو هێزی دەقی شانۆییەکەش بەشێوەیەکی هونەریو زانستیانە بخرێنە ڕوو. تەنانەت دەکرێ جۆری گفتوگۆو ململانێیەکانیش بەوردی دیاری بکرێت.

## بەشی دووەم

## زمان و گوڵبژێریکی شانۆی کوردی

لەگەڵ ئەوەی، زمان بنەمایەکی گەورەی گوزارشت کردنەو مرۆڤ بەردەوام بەکاری دەهێنێت بۆ دەربڕینی خواستو بیرو بۆچوونەکانی. لەهەمان کاتیشدا ژینگەیەکە، بۆ پەیدابوونی دەقی ئەدەبیو کەرەستەیەکیشە بۆ تێگەیشتن لەو دەقە ئەدەبیانە، بەڵام ئەوەی هەیە زۆرجار ئەو زمانە لە قسەکردنی ڕۆژانەدا چۆنە؟ هەر بەوشێوەیەش بەتایبەتی لە بنیادی دەقی شانۆی پەخشانیدا بەکاردێت، یاخود گۆڕانی بەسەردادێت، کە ڕەنگە ئەوەش پەیوەندی بە بەشێك لە شێوازی دەربڕینی کاراکتەرەکانەوە هەبێت، کە خەسڵەتێکی گەورەی شێوازی دەربڕینیەتی، یان سروشتی ڕووداوەکان بەوجۆرە دەخوازێت.

لەو چوارچێوەیەشداو لە دووتوێی گەڕانمان بەنێو هەندێك دەقی شانۆیی ڕەسەنی کوردیدا، گەلێك لەو ڕاستیانەمان بەرچاو دەکەوێت، کە چۆن بنیادی زمان لەنێو بنیادی ئەو دەقە شانۆییانەدا ڕەنگی داوەتەوەو بەکارهاتووە.

بۆنموونە:

"خەیزەران: (وەك ئەوەی لە مێژە سەرگەرمی گفتوگۆیەك بن، بە تورەییەوە) ئەو کچەتیوە ئەحمەقە زۆر دواکەوت. بێ ئەوی چ کارێکمان بۆ ناچێتە سەر..."[2]

وەك دەبینین درامانووس هەمان ئەو شێوازی گفتوگۆکردنو قسەکردنەی ڕۆژانەی ناوچەکەی بەکارهێناوە، هەروەك لە وشەکانی (کچەتیو، ئەحمەق، چ کارێك...دا) بە زەقی دیارەو لە دووتوێی بەکارهێنانی ئەو وشانەدا، کە بەسەریاندا هاتووە، وەك خۆیان بەکارهێنراون. ئەوەتا لە وشەی (کچەتیو)دا برگەی (هە)، کە لە دوو فۆنیمی (هـ) و (ە) پێکهاتووەو هەردووکیشیان لەو فۆنیمانەیە، کە هەندێك جار لە زمانی کوردیدا لەناودەچن لەکاتی قسەکردندا، لە وشەکەدا نەماونو فرێدراون، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خەسڵەتی شێوەزارەکە. لەو ڕووەشەوە هەندێك لە شارەزایانو زمانەوان پێیان وایە، کە ئەوجۆرە دەربڕینانە چۆن (لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا هەیە، لە زمانی نووسینیشدا پەنا دەبرێتەوە بۆی)[3] واتە وەك خۆی بەکاردێتەوە، چونکە قاڵبێکی دەربڕینی سروشتی وەرگرتووە.

هەروەها وشەی (ئەحمەق)، کە وشەیەکی عەرەبیەو بەواتای (گەوج و نەزان)* بەکاردێت، چۆن لە زمانی عەرەبیدا بەکاردێت، هەر بەوشێوەیەش هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، کە بێگومان ئەوەش بەهۆی ئەو هاوسنوریو لێك نزیکییەیە، کە هەیە لەنێوان هەردوو نەتەوەی کوردو عەرەبدا. یاخود لە بەکارهێنانی وشەی (چ کارێك)دا دەبینین فۆنیمی (چ) لە بنەڕەتدا لە وشەی (هیچ)ەوە هاتووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو وشەیە بەمەبەستی سووکترکردن لە

[1] الدرامه والدرامی، س.دبلیو.دوسن، ت.د.عبدالواحد لؤلؤة، دار الرشید للنشر، بغداد، ١٩٨١، ص(٢٤).

[2] هارون ئەلرەشید، محەمەد موکری، دەزگای ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٦، ل(١٩).

[3] بەرەو ڕێزمانی کوردی، د.شێرکۆ بابان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠، ل(٦٢).

* بروانە: فەرهەنگی دەریا، رزگار کەریم، ب١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل(٩).

دەربڕیندا هەندێك جار لە هەندێ شوێندا دەبێتە فۆنیمی (چ)، کە خۆی لەڕاستیدا (ئاوەڵناوی نادیارە)[*]. لەو چوارچێوەیەدا درامانووس بەمەبەستی ئەوەی کاریگەری ڕووداوو بەسەرهاتەکان لەنێو خەڵکیدا کاریگەرتر بێتو خەڵکی زیاتر لێی تێ بگەن، هەر بەوشێوەیەو بێ دەستکاری کردن ئەو وشەو دەستەواژانەی بەکارهێناوەتەوە.

هەر بەمەبەستی زیاتر شرۆڤەکردنو خستنەڕووی بنیادی زمان لەو دەقە شانۆییانەدا دەبینین درامانووس لەسەر زاری یەکێکی تر لە کاراکتەرە بەشداربووەکانی نێو دەقەکە دەڵێت:

"جەمیلە: (بە ترسەوە) یەك مانگی تەواو لە هاوەندا شووشەم دەکوتی، وەك ئاردم لێ دەکرد،

تێکەڵی خۆراکەکەیم دەکرد، شەراب نۆش نەبوو.. لەبەر خاتری من فێری شەراب نۆشی بوو.

شەوانە گۆزەیەکی دەخواردەوە.. کە مرد هەموو خەڵك پێیان وابوو، مردنەکە لەبەر

نەخۆشیو پیرییە..."[١]

وەك لەو دەقەداو لە زمانی دەربڕینی ئەو کاراکتەرەوە، وشەی (هاوەن) بەکارهاتووە، کە خۆی لە بنەڕەتدا وشەیەکە لە دوو پارچە لە (دەسك + ئاونگ)[**] پێکهاتووەو ئامێرێکە بۆ کوتانو هاڕینی شتی ڕەق بەکاردێت. جگە لەوەش وەك کەرەسەیەکی سەربازیش بەکاردێت، بەڵام لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا بە (دەسکەوان) بەکاردێت، وەکو ناوچەکانی سلێمانیو دەوروبەری.

هەروەها وشەی (شەراب نۆش) یەکێکی ترە لەو وشانەی، کە ڕواڵەتێکی ناوچەیی پێوە دیارەو لە هەندێ شوێندا بە (مەشروب خۆر)یش بەکاردێت. واتە ئەوکەسەی، کە (مەی) دەخواتەوە بۆئەوەی کەمێك مەست بێو خەمەکانی بە با بدات.

لێرەشدا ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت، کە تاڕادەیەکی بەرچاو زمانی دیالۆگی کاراکتەرەکان وەکویەك وایەو لێك نزیکییەکیان پێوە دیارە، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خەسڵەتی زمانی درامانووسو کاراکتەرەکان بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی یەك ناوچەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیالۆگی هەریەکەیان بە زمانی کەسێتی خۆیانن.

هەروەها لە دەقی: "خەیزەران: (بە دەنگی بەرز پێدەکەنێ، موناو جەمیلە وەك دوو مناڵ سەر

کزدەکەن باوش بەیەکا دەکەن) ئێوە لە قەسرو حەرامخانەدا جوان فێری ئەوە بوون،

قسان بکەن، پاکانەی بەهێزیش بهێننەوە بۆ ئەو کارانەی نەتانەوێ بیکەن"[٢]

ئەوەمان بەرچاو دەکەوێ، کە درامانووس وشەی (حەرامخانە)ی بەکارهێناوە، کە خۆی لە خۆیدا وشەیەکی نوێیەو بەمەبەستی شوێنی خراپو قەدەغەکراو بەکارهاتووە، بەڵام لە بەرانبەریدا وشەکانی (حەرامزادە) و (حەرام خۆر) هەیە، کە مەبەستی مناڵی ناشەرعیو کاری خراپ دەگەیەنێت.

لەڕاستیشدا ئەوەش نیشانەی ئەوەیە، کە درامانووس لە هەوڵی ئەوەدا بووە، کە وشەی نوێو ناوچەیی بەپێی پێویست بەکاربهێنێت. هەروەها وشەی (قسان)یش زیاتر هەر ناوچەییەو کەمتر (ستاندارد)ە، بەڵام بەگشتی درامانووس چنینێکی وردو بە سەلیقە بۆ بنیادی دەقە شانۆییەکەی دەکات و سوودیش لە هەندێك وشەو زاراوە وەربگرێ، کە لەناو خەڵکدا باون، بەڵام لە نووسیندا کەمتر بەکاردێن.

---

[*] بڕوانە: ڕێزمانی کوردی، د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ب١، بەشی سێیەم، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٩٢، ل(١٢٦).

[١] هارون ئەلرەشید، محەمەد موکری، ل(٢٩).

[**] بڕوانە: هەنبانەبۆرینە، هەژار، چاپی سێیەم، مجتمع فرهنگی سروش، تهران، ١٣٨١، ل(٩٤٥).

فەرهەنگی شیرین، فاضل نظام الدين، ب٢، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل(٣٥١).

[٢] هارون ئەلرەشید، محەمەد موکری، ل(٣٠).

هەر لەمیانی زیاتر ڕۆچوونمان بەنێو دنیای وشەو زاراوە بەکارهاتووەکانی نێو هەمان دەقی شانۆییدا، گەلێك وشەی ناوازەو ناباومان بەرچاو دەکەوێت، کە ڕەنگە زیاتر لە فەرهەنگی زمانی درامانووس‌و ناوچەکەی ئەودا، کە ناوچەی گەرمیانە بەکاربێت، بەڵام بەشێوەیەکی هونەریی‌و زانستیانە بەکاری هێناون. ئەوەتا لەسەرزاری ئەکتەرێکی بەشداربووی نێو دەقە شانۆییەکەدا دەڵێت:

"مەهتاب: کامیان زۆر عاقڵو بە ویقارە.. کچۆڵەیەك دەتوانێ بیخەڵەتێنێ‌و بیکاتە بازیچەی

دەستی خۆی.."[١]

لێرەدا دەبینین جگە لە دیاردەی قرتاندن‌و نەمانی فۆنیمی (ت) لە هەریەکە لە وشەکانی (دەتوانێ) و (بیخەڵەتێنێ)دا، کە لەڕاستیدا بەشێوەی (دەتوانێت) و (بیخەڵەتێنێت)ە، ڕەنگی داوەتەوەو بەکارهاتووە، کە ئەوەش کاریگەری ناوچەی (سلێمانی) بەسەرەوەیەو پەیوەتەوە بۆ ناوچەکانی گەرمیان‌و هەندێ شوێنی تر، کە ئەوەش ڕەنگە لەبەر سووکی‌و لاوازی فۆنیمی (ت) بێت، کە لە کۆتایی هەندێ وشەدا بەتایبەتی (کردار) لەناودەچێت.[*]

جگە لەوەش بەکارهێنانی وشەی (ویقار)، کە وشەیەکە زیاتر لە شێوەزاری هەورامیدا بەکاردێت‌و بەواتای (کەم قسەیی‌و بە سەبری)[**] دێت. لەو ڕووەشەوە ناوچەی گەرمیان، کەم تازۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری شێوەزاری هەورامییەوە ئەوەش بەهۆی بوونی عەشیرەتەکانی (باجەڵانی) و (کاکەیی) و (زەنگنە)...هتد، کە بە زمانی (ماچۆ)[*] بەناوبانگە، کە ناوێکە لە ناوەکانی هۆرامییان.

لەلایەکی تریشەوە درامانووس وشەی (بازیچە)[**]ی بەکارهێناوە، کە ئەوەش وشەیەکی زۆرکەم بەکارهاتووەو بەواتای (لەیستۆك)، (ئامرازی گاڵتەو سەرگەرمی)و یاریکردن دێت، کە هەموو ئەوانەش نیشانەی دەوڵەمەندی‌و وردی‌و سەلیقەیی درامانووس دەردەخەن، کە هەوڵیدا ئەو وشانە بەشێوەیەکی دروست‌و لەجێی خۆیدا بەکاربهێنێت.

هەربۆیە لێرەدا دەکرێ بڵێین، هەندێك جاریش زمانی دەق وادەخوازێت، کە وشەی ناباوو کەم بەکارهاتووش بەکاربهێنرێت. واتە وشەی خوازراوو هەر جۆرێکی تری وشە، کە تارادەیەك لە حاڵەتی ئاسایی بەدەربێت بێگومان ئەوەش بەمەبەستی زیاتر جوانکردن‌و چێژبەخشینی زیاترە بە بنیاتی گشتی دەقە شانۆییەکە، تا شێوەیەکی جوان‌و بیرێکی قووڵ‌و بەنرخی پێ بدات. لەلایەکی تریشەوە ڕاکێشانی زیاتری سەرنجی خوێنەر بەلای دەقەکەدا، بوونی لایەنی جوانیناسی لە داڕشتنی زمانی دەقە شانۆییەکاندا، کاریگەرییەکی باش لەسەر بینەران دروستدەکات.

دیارە، هەموو ئەمانەیە، کە وای لە درامانووس کردووە، کە زیاتر بنیاتی دەقەکەی لەڕووی زمانەوە شانبەشانی پێدانی ناوەرۆکێکی جوانیش بە دەقەکە، سڵ لە هەندێ وشەو زاراوە نەکاتەوەو ڕاستەوخۆ بیانهێنێت بەشێوەیەکی سەردەمیانەو هونەرییانە بەکاریان بهێنێت. هەر لەو چوارچێوەیەدا ئەوەتا لەسەرزاری (سەعید)، کە ئەکتەرێکی بەشداربووی نێو دەقەکەیە، هەندێ وشە بەکاردەهێنێت، کە ئەمڕۆ بەوشێوەیە بەکارنایەت، هەروەکو دەڵێت:

"سەعید: پێم وایە، ئەم وەڵامە بۆ چاوبەستە... دڵنیام بەرلەوەی زوبەیدەی ژنی بزێت،

دێتەوە بۆ بەغدا.

هادی: بۆچی؟

---

[١] س.پ، ل(٣٣).

[*] بڕوانە: کتێبی (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی)، لیژنەی زمان‌و زانستەکانی کۆڕ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل(٥٣).

[**] بڕوانە: کتێبی (وشەنامە)، جمال حبیب الله، چاپخانەی سپیریز، دهۆك، ٢٠١٠، ل(١٠٤١).

[*] س.پ، ل(٨٧١).

[**] هەنبانەبۆرینە، هەژار، ل(٤٣).

سەعید: بۆنی شتێك دەكەم."[1]

وەك دەردەكەوێت، درامانووس وشەی (بزێت)*** ی بەکارهێناوە، کە ڕەنگە ئەو وشەیە لە سەردەمانێکی زوودا بەکارهاتبێت، کە تیایدا ئاستەکانی زانستو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو شارستانیەتی کورد پێشکەوتوو نەبووبێت، بەڵام بەکارهێنانی ئەو وشەیە تەنیا بۆ گیانلەبەران بەکارهاتووەو بەکاردیش دێت، نابێت بۆ مرۆڤ بەکاربێت، کە ئەوە لەمڕۆدا عەیبەو شورەیی یەو تەنانەت دەکرێ بڵێین سووکایەتیشە بە ئافرەت، بەڵام ئەوەتا درامانووس بێ سڵەمینەوە بەکاری هێناوە. واتە دەوترێت: (ئاژەڵەکە زاوە) یان (ئاژەڵەکە دەزێت.)

هەروەها بەکارهێنانی هەندێك وشەی نەشیاوو بازاڕی، کە ڕووی مەجلیسی نییەو خەڵکی شەڕکەرو بازاڕی لەکاتی شەڕدا بەکاری دەهێننو بۆ ناو نووسین کەمێك زەحمەتو ئەستەمە، کەچی دەبینین لەهەندێ شوێنی دەقە شانۆییەکەدا لەسەر زاری هەندێك ئەکتەرەوە بەکاردەهێنرێتو بۆتە وشەیەکی ئاسایی. وەکو:

"هادی: سەیرە.. ئەمە بۆچی وادەکات (بەڕووکرژییەوە)، ئەم ڕەفتارەی بێ مەڵامەت نییە

(لەبەرخۆیەوە) ئەم قەحپەیە داوای تەمەن درێژیم بۆدەکات!! بووەتە خواناس؟ مەجلیسی خۆشگوزەرانی شەوانەی تەرك كردووە!! (بەتووڕەییەوە) ئەرێ.. ئەو پزیشکە لەمەڕ تاقیکردنەوەکانییەوە گەیشتەجێ؟"[2].

سەرەڕای بەکارهێنانی وشەی (مەڵامەت)* ، کە بە واتای (هۆ، نهێنی) بەکارهاتووەو زیاتر چوارچێوەیەکی گشتیو نێو خەڵکی هەیە. دەبینین وشەی (قەحپە)شی بەکارهێناوە، کە بۆ ئافرەتی داوێن پیسو خراپ بەکاردێتو لەڕووی زمانەوانییەوە، تاڕادەیەك جوان نییە لەنێو نووسیندا بەکاربێتو ڕەنگ بداتەوە، چونکە تایبەتە بە خەڵکانێکی تایبەتو دیاریکراو لەنێو کۆمەڵگاداو ڕۆژانە کەم، تا زۆر بەکاردێت. واتە هەرچەندە زمان ناسنامەی ڕاستەقینەی هەموو میللەتێکەو (لەناو نەتەوەکانیشدا زمان بەسەر چینەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دابەش دەبێو هەر چینێکیش زمانو ئاخاوتنو زاراوەو شێوازی تایبەتی خۆی هەیە.)[3]

دیارە، بەشێکی ئاخاوتنو دیالۆگەکانی نێو دەقە شانۆییەکەش پەیوەندییان بە شێوازو چۆنیەتی ڕووداوو بەسەرهاتەکانەوە هەیە، کە لەنێو کۆمەڵگاوە سەرچاوەیان گرتووەو درامانووسیش بە ناچاری ئەو وشەو زاراوانەی وەرگرتووەو بەکاری هێناون. لەلایەکی تریشەوە هەمان ئەو وشەو زاراوانەش دەبنە مۆرکێكو ناسنامەیەك لەنێوان ئەکتەرو کەسایەتیەکەیدا. لەوبارەیەشەوە (ئەحمەد سالار) دەڵێت: (بۆ ناسینی هەر کەسایەتیەکی شانۆیی، دەبێ لە زمانو ئاخاوتنیەوە بۆی بچین)[4] واتە جۆری دیالۆگو ئەو شێوە زمانەی، کە ئەکتەر بەکاری دەهێنێت، دەبێتە ناسنامەو دەرخستنی کەسایەتیەکەی لەنێو دەقەکەدا، تەنانەت جاری واش هەیە بەکارهێنانی ئەو وشەو زاراوانەی نێو دەقەکە وا لە ئەکتەر دەکات بەرگێکی تاڕادەیەك هەمیشەیی پێ ببەخشێت لەنێو کۆمەڵگاشدا.

---

[1] هارون ئەلڕەشید، محەمەد موکری، ل(٣٧).

*** لە وشەی (زان)ەوە هاتووەو بەواتای بەچکەبوونی گیاندار، مناڵ هێنان، لەدایکبوون،... دێت.

بڕوانە: فەرهەنگی خاڵ، شێخ محمدی خاڵ، جزمی دووەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ل(٢١٢).

هەنبانەبۆرینە، هەژار، ل(٣٧٤).

[2] هارون ئەلڕەشید، محەمەد موکری، ل(٣٨– ٣٩).

* بڕوانە: هەنبانەبۆرینە، هەژار، ل(٨٣٢).

[3] ڕیالیزم لە شانۆی کوردیدا، کەیفی ئەحمەد عبدالقادر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، ل(١٩٩ – ٢٠٠).

[4] زانستی دەنگ و ئاخاوتن، ئەحمەد سالار، چاپخانەی شەهاب، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل(١٤٥).

کەواتە لە دووتوێی بەکارهێنانی زماندا لە بنیادی دەقێکی شانۆییدا، دەکرێ بڵێین باش بەکارهێنانی هونەرەکانی دیالۆگو کەرەستە زمانییەکان بەشێوەیەکی گونجاو، هۆکارە بۆ باشتر ناسینی ئەکتەرەکانو تێگەیشتن لە کرۆکی دەقەکە. هەموو ئەمانەش وایان کردووە سیمایەکی ڕیالیزمیانە بە دووتوێی دەربڕینو گوزارشتی گفتوگۆی نێوان ئەکتەرەکانەوە ببینرێت.

هەروەها هەندێك جاریش، ئەگەر وشەیەك، یان زاراوەیەك، یان دەربڕینێك لەنێو کۆمەڵگاشدا بە هەڵە بەکاربێتو بەوشێوەیەش ڕەواجی پەیداکردبێتو بوونی هەبێت، ئەوا بێ سڵەمینەوە درامانووسیش لە چنینی بنیادی دەقە دراميیەکەیدا هەر بەوشێوە دەربڕینو بەکارهێنانە، ئەو وشەو زاراوانە وەردەگرێتو جارێکی تر دەیداتەوە بە گوێی بینەراندا.

"شێرکۆ: ئیتر.. شیرین گیان، لە ناخمدا، لایەنێکم بەو هەواڵە خەنییەو شاباشی شۆفێرەکە دەکات،

هەروەکو کۆترەیەکی، یان بەردە ئاشێکی لەسەر سنگم لادابێت.. کەچی لایەنەکەی تری ناخم، نەفرەت لەو شۆفێرە نامرۆڤە کەمتەرخەمە دەکات، کە نرخی مرۆڤی لانییە."[١]

گەر تەماشای وشەی (خەنی) بکەین، دەبینین لە وشەی (خەنین)[*] ەوە هاتووەو واتای پێکەنین دەگەیەنێت، بەڵام لێرەدا بەواتای دڵخۆشی هاتووە. وشەکەش چۆن لەناو خەڵکدا بەکارهاتووە، هەر بەوشێوەیەش لە بنیادی دەقەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

هەروەها وشەی (کۆترە)، کە خۆی لە بنچینەدا (کۆتەرە)[**] یەو بەواتای قەدی دار دێت، بەڵام درامانووس هەروەکو چۆن لەناو خەڵکدا باوەو لە میانی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بەکارهاتووە، هەرواش بەکاری هێناوە، کە دەکرێ بڵێین هەڵەیەکی لەفزییەو بەهەڵە دەربڕاوە.

یان بەکارهێنانی وشەی (بەردەئاش)، کە زۆرجاریش لە هەندێك ناوچەی کوردستاندا بە (بەرداش)[***] بەکاردێت.

هەروەها لە دەقی: "کوڕ: بابەگیان، ئەوانەی ئەو دەرمانانەیان پەیداکردووە، ساڵەهای ساڵ

ڕەنجیان داوەو تێکۆشاون، کەچی تۆش ئەمە قسەتە؟!

باوك: بەسەری ئەم تاقە کوڕەم.. دانە دوعایەکی سێ قوڕنە بەدەیان دەرمان

ناگۆڕمەوە، بەڵام چارم چییە، تۆ وا بە زۆرەملێ ئەمبەیتەوە بۆلای دختۆرە

فەندی. کامەتا؟ تەنگەنەفەسییەکەم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادییە. کوڕم.. خۆ

لەبیرتە پار ئەوڕەحمانی هاوسێمان..

پۆلیس: دەی وەختی هەڵەوەڕی نییە، ئەمە چەندجارە لەدەستم ڕادەکەن

وادیارە فێری ژیانی سەرشەقامەکان بوون!!"[٢]دا دەبینین درامانووس

وشەی (سێ قوڕنە)ی بەکارهێناوە، کە مەبەست لە دوعای سێ گۆشەیە، کە ئەوەش دەمانباتەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی، کە شێوەی دوعا زیاتر سێگۆشەیی بوو، کە ڕەنگە ئێستا شێوەکەی بەوشێوەیەی جاران نەمابێ.. لەلایەکی

---

[١] هەشت دەقی شانۆیی، عەبدوڵڵا سەراج، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل(٧١).

[*] بڕوانە: کتێبی (چاوگی بێ واتا لە زمانی کوردیدا)، د.نەسرین فەخری، مطبعة الآداب، النجف الأشرف، ١٩٧٣، ل(٣١).

[**] بڕوانە: کتێبی (هەنبانەبۆرینە)، هەژار،.. ل(٦٢٥).

[***] بەرداش = بەردێکی پانی گردە، کونێك لە ناوەڕاستیایەتی، دانەوێڵەی پێ ئەهاڕێ.

بڕوانە: کتێبی (فەرهەنگی خاڵ)، شێخ محمدی خاڵ، جزمی یەکەم، ل(١٥٢).

[٢] هەشت دەقی شانۆیی، عەبدوڵڵا سەراج،... ل(١١٤).

تریشەوە وشەی (قوڕنە) (قُرنَة)* ، کە بەواتای گۆشە، یان قوژبن، یان سوچ دێتو وشەکە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوەو لە سەردەمانێکدا باوبووەو بەکارهاتووە، ئێمە لە عەرەبەوە وەرمانگرتووە.

هەروەها وشەی (دختۆر)یش بەهەمان شێوەیە لە وشەی (دکتۆر)ەوە هاتووەو لە بنچینەشدا لە زمانی ئینگلیزیو لە وشەی (doctore)** ەوە وەرگیراوە، بەڵام ئەوەی هەیە لە هەندێ ناوچەدا وشەکە لەڕووی دەربڕینو فۆنەتیکییەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووەو فۆنیمی (ك) بووە بە فۆنیمی (خ). تەنانەت وشەی (هەڵەوەڕ)***یش، کە زیاتر بۆ دەنگی سەگ بەکاردێتو وشەیەکی بازاڕیو ناشرینەو زیاتر بۆ سووکایەتی پێکردنو جنێودان بەکاردێت، بەڵام ئەوەی هەیە، دیارە ڕووداوو چوارچێوەی گشتی کارەکە پێویستی بەوجۆرە وشەیە هەیە، ئەگینا خۆ لەگەڵ ئەوەشدا درامانووس دەیتوانی وشەیەکی تر بەکاربێنێت.

هەر بەمەبەستی زیاتر شەنوکەوکردنو ئاوڕدانەوە لە بەکارهێنانی کەرەسەکانی زماندا لە بنیادی دەقی شانۆگەری کوردیدا، درامانووسان هەوڵیانداوە سوود لە گەلێك سەرچاوەی مێژوویيو ئایینیو کەلەپووری وەربگرنو هەندێك وشەو زاراوە، کە بەکارهێنانیان کەم بۆتەوە، یان کاڵ بۆتەوە، جارێکی ترو بە بەرگێکی تر بیخەنەوە ناو بنیادی دەقە شانۆگەرییەکانیانو هەوڵبدەن شاکارێکی سەردەمیانەی ناوازەی لێ بنیادبنێن. لەلایەکی تریشەوە کاریگەرییەکی سەراسیمەش بە ڕاکێشانی بینەران بدەن بۆ نێو ڕووداوو بەسەرهاتەکانی شانۆگەرییەکان.

لەڕاستیدا هەموو ئەوانەش وایان کردووە، کە بنیادی دەقەکان دەوڵەمەندتر بکەن، لەلایەکی تریشەوە داڕشتنێکی جوانو سەردەمیانەش بە دەقەکە ببەخشن.

"خونچەگوڵ: ئەحمەد گیان شینو چەمەرەی تۆیە، خەڵکەکە سەرقاڵی تەدارەك سازیی کۆتەڵەکەتن، ئۆخەی کوشتنەکەت درۆ دەرچوو، ئەچم چل مۆم لەسەر مەزاری پیر محەمەد دائەگیرسێنم، کوڕە نەزرم کردووە، هەوریەکەی سەرم ئەدەم بەدەم ئاوەکەی کانی ئاشقانەوەو ماڵەوماڵ حەڵوای گوڵە زەرد ئەبەشمەوە، مزگێنی بە خەڵکی شار ئەدەم، ئەڵێم ئەحمەد بەگ نەکوژراوە، هەر ئەمڕۆ بەچاوی خۆتان ئەیبینن."[1]

وەك دەبینین درامانووس کۆمەڵێك وشەو زاراوەو ڕستەی جوانی نێو بۆنەو ئاهەنگە کوردەوارییەکانی ناوچەکانی کوردستانی هێناوەو بەشێوەیەکی هونەریو جوان بەکاری هێناون، کە هەریەکەیان چەندین هێماو مەدلولو ئاماژەکاری هەڵدەگرێت. لەوانەش وەك وشەی (چەمەرە)*یە، کە بەواتای (شیوەنو گریانی بەکۆمەڵ دێت بۆ مردوو)، کە لەڕاستیدا ئەو وشەیە ئەمڕۆ زۆر بە کەمی بەکاردێت، یاخود هەر نەماوە، بەتایبەتیش لەنێو شارەکاندا، یان وشەی (تەدارەك)** ، کە ئەویش وشەیەکی عەرەبییەو بەواتای (کەرەستە) و (تەدارەکی ماڵەوەم تەواوکرد) دێت. کەواتە (تەدارەك سازیی) بەواتای جێ بەجێ کردنی کارێکی خێری دێت لە میانی بۆنەو ڕووداوێکدا. هەروەها بەکارهێنانی

---

* بڕوانە: فەرهەنگی شیرین، فاضل نظام الدین، بەرگی دووەم، چ١، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل(١٣٣).

** بڕوانە: کتێبی (فەرهەنگی مەورید)، د.محمد عمر، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٣، ل(١٨١).

*** بەواتای (زۆر وتنی بێ شەرمانە) دێت. بڕوانە: فەرهەنگی خاڵ، شێخ محمدی خاڵ، جزمی سێیەم،... ل(٤٣٣).

[1] ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار، ئەحمەد سالار، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل(٧٢).

* بڕوانە: کتێبی (فەرهەنگی خاڵ)، شێخ محمدی خاڵ،.. ل(٤١).

** بڕوانە: فەرهەنگی دەریا، ڕزگار کەریم، ب١، ل(٩٧).

وشەی (کۆتەڵ)[***] یش یەکێکی ترە لەو وشەو زاراوانەی، کە درامانووس هێناویەتیو بەشێوەیەکی دروست بەکاری هێناوەو هێندەی تر بنیادی دەقەکەی پێ ڕازاندۆتەوەو لەگەڵ ڕێڕەوی ڕووداوەکانی نێو دەقەکەدا گونجاندوویەتی، کە وشەیەکی کوردی پەتی جوانە.

لەڕاستیدا هەموو ئەو وشەو زاراوانە، نیشانەی وردێتیو بەئاگایی درامانووس دەردەخەن، کە زۆرباش ئاگای لە گەلێك لە وشەو زاراوە کوردییەکانی زمانی نەتەوەکەیەتی، کە بەهۆیەوە چەندین تێزو دنیابینی تازەی بۆ ژیان دۆزیوەتەوەو سەردەمیانە سوودی لێیان وەرگرتووەو لە بنیادی دەقە شانۆییەکانیدا هونەرمەندانە ڕەنگی پێداونەتەوە. بێگومان هەموو ئەمانەش وادەکەن، کە "هەمیشە خوێنەر (بینەر) ڕووبەڕووی جۆرێك لە گواستنەوە دەکا، کە لەپشتی خوێندنەوەیەکی سەرەتاییەوە نهێنی جێ دەهێڵێ بەجۆرێك، کە خوێنەر وابەستە دەکاو پێویستی بە هەڵمالینی نهێنییەکەیە."[١]

هەروەها بەکارهێنانی وشەی (نەزر)[*] ، کە لە بنەڕەتدا عەرەبییەو سیمایەکی ئایینیشی پێوەیە هاتۆتە ناوزمانی کوردییەوەو بەواتای (عەهد) و (پەیمان) کردن دێت. واتە کاتێك، کە مرۆڤ تووشی ناڕەحەتییەك دەبێت، بۆئەوەی لەو ناڕەحەتیە رزگاری بێت، شتێك بڕیار دەدات، کە ببیەخشێت، بەومەرجەی لەو بەڵاو ناڕەحەتیە خوای گەورە دووری بخاتەوە. دەبینین درامانووس بەشێوەیەکی دروستو لە شوێنی خۆیدا بەکاری هێناوە. هەروەها وشەی (ئەبەشمەوە) لەڕاستیدا (ئەبەخشمەوە)یەو واتای بەخشینو پێدان دەگەیەنێت، بەڵام دەبینین فۆنیمی (خ)ەکەی لێ لابراوە، کە ئەوەش خەسڵەتێکی دیاری ئەو فۆنیمەیە، کە هەندێك جار لەبەر سووکی ئەو فۆنیمە لەکاتی دەربڕیندا لەناودەچێت، کە ئەوەش لەڕووی زانستی زمانەوە ڕاست نییە، بۆیە بەلای هەندێك لە زمانەوانانی کوردەوە پێیان باشە، کە سیماو بنەڕەتی وشەکە خۆی چۆنە هەروا بنووسرێتەوە. واتە "لەکاتی نووسیندا پێویستە شێوەی پێکهاتنیان ڕەچاو بکرێو ئەو پەڕاندنو ون بوونو تێکەڵاوبوون ڕەنگ نەداتەوە"[٢]، بەڵام بەلای هەندێك لە زمانەوانانیشەوە ئەو دیاردەی نەمانی هەندێك لە فۆنیمەکان کارێکی ئاساییو سروشتیەو "مەبەست ئاسانکردنی دەربڕینە، ئەم جۆرە گۆڕانەش، کە بەسەر وشە، یان مۆرفیمەکان دێت لە ئەنجامی هەڵکەوتو دەرکەوتنیان لە سنوری جیاوازدا دێتەکایەوە"[٣]

بەهەرحاڵ، هەموو ئەم حاڵەتانەی، کە بەسەر وشەو زاراوەکاندا دێت لەمیانی قسەو ئاخاوتنی ڕۆژانەداو گۆڕانیان بەسەردا دێت، نووسەرانیش ناچاردەبن هەر بەهەمان ڕیتمو گۆڕانکاری ئەو وشەو زاراوانە وەربگرنو جارێکی تر لە بنیادی دەقەکانیاندا بەکاریان بهێننەوە، چونکە بەوشێوەیە لەناو خەڵکدا باوەو بەکاردێت.

یان لە دەقی "میرزا فەرەج: ئەوانەی سەرکزی دڵ وریان، لەوانە بترسە، کە مەنگن، ئەوانەی ئەڵێی ئاو لای داون، ئا ئەوانەی هەر ئەڵێی ئاگری بن کان.. ئەوانەی سەرێكو هەزارویەك سەوایان هەیە... ئەوانە... ئیتر."[٤]دا دەبینین درامانووس سەرکەوتووانەو بەمەبەستی زیاتر جوانکردنو دەوڵەمەندکردنی بنیادی دەقەکەیو بەخشینو چێژێکی

---

[***] کۆتەڵ = دارستانێکی چروپڕ، پارچە بنکەدار، کۆتەڵەخەڵوز، کۆتەڵەدار، بەڵام لە دراماکەدا بەواتای شینو شەپۆڕو ڕۆڕۆیە، کە لەسەر مردوو دەکرێ، بەتایبەتی ئەگەر لەدەست چووەکە جوانەمەرگ بوو. بڕوانە: کتێبی (ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار)، ئەحمەد سالار، ل(١٩١).

[١] لە دەروونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە، ئەحمەد ڕەزا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل(٢٥).

[*] بڕوانە: کتێبی فەرهەنگی دەریا، رزگار کەریم، ب٢، چاپەمەنی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل(١٤٣٣).

[٢] نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، د.ئەورەحمانی حاجی مارف، مطبعة علاء، بغداد، ١٩٨٦، ل(١١٦).

[٣] فۆنۆلۆجیای کوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، طالب حسين علي (نامەی ماستەر)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩، ل(٥٨).

[٤] ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار، ئەحمەد سالار،... ل(٧٤).

زیاتریش بە نێوەرۆکی ڕووداوەکانی دەقەکەیدا توانیویەتی سوود لە بەشێکی گەورەی بابەتی پەندی پێشینان وەربگرێت، کە ڕەگێکی هەمیشەیی هەیە لەناو بیروباوەڕو دابونەریتی نەتەوەی کورددا و هێندەی تر دەقەکەی ڕازاندۆتەوە.

لەڕاستیشدا هەموو ئەوانەش بەڵگەن لەسەر جیهانبینیو ڕوئیاو ئەزموونو خەونو خەیاڵی درامانووسو پێکەوەبەستنەوەی ڕەهەندە مرۆییەکان لە هارمۆنیایەکی ناسکی سەردەمیانەدا...

لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین، لەگەڵ ئەوەی زمان کایەو ڕەگەزی سەرەکی بنیادی هەموو دەقێکە لەنێویشیاندا دەقی شانۆیی، کە تیایدا کەرەستە زمانیەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە "لە چنینی ڕووداوەکانداو ئەو بنەما بەهێزەشە، کە جۆرێ لە جووڵەو ڕیتمو ئاڵوگۆڕی بەردەوام دروست ئەکا"[1]و بەهۆیەوە وا لە خوێنەران (بینەران)یش دەکات بیانباتە دنیایەکی ڕەنگاوڕەنگی بینینو گوێگرتن لە هەموو ئەو وێردو سەرگوزشتانەی، کە لەمیانی دەقە شانۆییەکاندا تەوزیف کراون، بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێك لەلایەنی پەیامە شانۆییەکە کەم بکاتەوە.

لەلایەکی تریشەوە بەکارهێنانی کەرەستە زمانیەکان لە دووتوێی ئەو دەقە شانۆییانەدا، نیشانەی خەمخۆریو بەرفراوانی خەیاڵی درامانووسانمان بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن توانیویانە سەردەمیانە سوود لە کەرەستە زمانیەکانو ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵك وەربگرنو بە شێوازو بەرگێکی پڕ لە داهێنان بەکاریان بهێننو بەشێکی بەرچاویش لەو وشەو زاراوانە لە فەوتانو لەناوچوون بپارێزن.

کەواتە زمان لە بنیادی دەقی شانۆییدا دەبێت (پاراو) بێت، وا باشترە زمانی شانۆگەری بەشێوەیەك بێت، کە زۆربەی چینو توێژەکانی کۆمەڵگا لێی تێبگەن. چونکە بەشێکە لە بابەتی سەرەکی دەقە شانۆییەکەو "چەندین بابەتی هونەری تێدا هاتووە، کە لەگەڵ بەشەکانی شانۆگەرییدا دەگونجێن."[2] و دەبێت لەهەمان کاتیشدا "ئیقاع و مۆسیقاو گۆرانی تێدا بێت."[3] واتە بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی گونجاوو دروست جۆرێك لە جووڵەو مۆسیقاو ئاڵوگۆڕی بەردەوام دروست دەکاتو وێناکردنێکی جوانو سەردەمیانەش بە ڕێڕەوی ڕووداوەکانو ململانێکان دەبەخشێت لەنێو دەقە شانۆییەکەدا.

[1] س.پ، ل(١٦٠).

[2] هونەری شیعر، ئەرستۆ، و.لە ئینگلیزییەوە، عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل(٢٧).

[3] س.پ، ل(٢٧).

## ئەنجام

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لە بنیادی هەر دەقێکی شانۆییدا دیاردەی فرەدەنگیو فرەزمانی هەیە، بێگومان جۆرو شێوازی دەنگەکانیش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە.

٢- هەندێك جار کەرەستە زمانیەکان وەکو خۆیان بەکارناهێنرێنو تێك دەشکێنو گۆڕانیان بەسەردا دێت.

٣- وا باشترە زمانی شانۆگەری بەشێوەیەك بێت، کە زۆربەی چینو توێژەکانی کۆمەڵگا لێی تێ بگەن.

٤- زمان لە بنیادی شانۆگەری کوردیدا، هەوڵیداوە کۆمەڵێك وشەو زاراوەی کۆن زیندوو بکاتەوەو جارێکی ترو بە بەرگو سیمایەکی جوانترەوە بێنەوە مەیدانی بەکارهێنانو لە فەوتان ڕزگاریان ببێت.

٥- بوونی هونەری ستاتیکا لە داڕشتنی زمانی دەقە شانۆییەکاندا، کە بەهۆیەوە کاریگەرییەکی باش لەسەر خوێنەران (بینەران) دروست دەکات.

## سەرچاوەکان

### بە کوردی:


١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی ١، بەشی سێیەم، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٩٢.

٢. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د)، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، مطبعة علاء، بغداد، ١٩٨٦.

٣. ئەحمەد سالار، ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٤. ئەحمەد سالار، هونەرو ژیان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٥. ئەحمەد سالار، زانستی دەنگ و ئاخاوتن، چاپخانەی شەهاب، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٦. ئەرستۆ، هونەری شیعر، و.لە ئینگلیزییەوە، عەزیز گەردی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٧. ئەحمەد ڕەزا، لە دەروونشیکارییەوە بۆ لێکدانەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٨. پەروین عەبدوڵڵا، ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٩. جمال حبیب الله، وشەنامە، چاپخانەی سپیریز، دهۆك، ٢٠١٠.

١٠. لیژنەی زمانو زانستەکانی کۆڕ، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

١١. شێرکۆ بابان (د)، بەرەو ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠.

١٢. عەبدولڕەحمان مونیف، تیشکێك بۆ سەر ڕۆمان، و.شیرین.ك، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٣. عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، خەیاڵی زمان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٤. عەبدوڵڵا سەراج، هەشت دەقی شانۆیی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.

١٥. کەیفی ئەحمەد عبدالقادر، ڕیالیزم لە شانۆی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣.

١٦. محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحکمة)، هەولێر، ١٩٩٠.

١٧. سەرەتایەکی زمانناسی، و. لە ڕووسییەوە، میدیا، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

١٨. محەمەد موکری، هارون ئەلرەشید، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٩. نەسرین فەخری(د.)، چاوگی بێ واتا لە زمانی کوردیدا، مطبعة الآداب، النجف الأشرف، ١٩٧٣.

٢٠. هەژار، هەنبانەبۆرینە، چ٣، مجتمع فرهنگی سروش، تهران، ١٣٨١.

٢١. هـ.د.ویدۆوسن (پرۆفیسۆر)، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، و.لە ئینگلیزییەوە، د.هۆشەنگ فاروق، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.

**بە عەرەبی:**

١. س.دبليو.دوسن، الدرامه والدرامي، ت. عبدالواحد لؤلؤة (د)، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١.

**نامەی ئەکادیمی:**

١. طالب حسین علی، فۆنۆلۆجیای کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩.

**فەرهەنگ:**

١. شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، وەزارەتی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٩.

٢. شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی دووەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٤.

٣. شێخ محمدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی سێیەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٦٤.

٤. فاضل نظام الدین، فەرهەنگی شیرین، ب٢، چ١، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٥. د.محمد عمر، فەرهەنگی مەورید، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٣.

٦. ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا، ب٢، چاپەمەنی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٧. ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا، ب١، چاپەمەنی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٥.

## ملخص البحث

تتحدث هذه الدراسة عن البنية اللغوية في المسرحيات الكردية بأسماء (هارون الرشيد، من هو المتهم، كَيّر الحداد، ومرثية أحمد مختار الجاف)، هذه البحث عبارة عن دراسة وصفية، تحليلية ويتألف من فصلين يتناول الفصل الاول الجوانب النظرية بما فيها من تعريف واسس ومفاهيم بينما يتناول الفصل الثاني تطبيقات لنماذج مسرحية وبالاخص الجانب المورفولوجي.

## Abstract

This study deals with the linguistic structure in the Kurdish plays (*Harun Al-Rasheed*, *Who is the accused*?, *Forger Bellows*, *Lamentation of Ahmad Mukhtar Jaf*). The research is a descriptive analytical study, consisting of two chapters. The first chapter studies the theoretical aspects including the definition, the principles and concepts, while the second chapter includes applications of Dramatic models especially from the morphological aspect.